# الصحافة الالكترونية ظهورها وازدهارها

مقال من إعداد– review article

أ.م. سرود ولي اسماعيل
surood.weli@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
جامعة بغداد / كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

**الملخص**

وفق منظورنا ونتيجة لقراءتنا لتأثير ظهور الصحافة الإلكترونية وتأثيرها على مستقبل الصحافة بشكل عام كمهنة للصحفي وتأثيرها على الناس، ومقارنة بين الصحافة المكتوبة والصحافة الالكترونية والمنشورة على شبكات الانترنيت والتي سميت بـ (الصحافة الالكترونية ظهورها وازدهارها) كانت سبباً رئيسياً لاضمحلال بل الى موت الصحافة المكتوبة على الورق، وان كانت في منطقة الشرق الاوسط بشكل عام وفي منطقتنا بشكل خاص ووفق الوضع الثقافي العام لايزال الناس يرغبوون قراءة الكلمة المكتوبة بشكل عام.

ومن ناحية اخرى موضوع الخلط بين رؤى الاستفادة والكسب المالي في كلتا مهنة الصحافة، قوة المنافسة للاستفادة المادية (خاصة في منطقة الشرق الاوسط ايضا) اكثر، وتظهر هذه المنافسة بصورة جلية وواضحة في المنافسة على ابداع اسلوب (الاعلان) في الصحافة و لايزال تأثيرها المتزايد موجود في الصحافة المطبوعة على الورق، هذا من ناحية ومن ناحية اخرى وبقرأة دقيق لرغبة القارئ عندنا نجده لايزال متعلق بقراءة الصحيفة المكتوبة على الورق ولم تشهد هذه الرغبة الا تراجعا يسيرا كما هو الحال لدى قراء في الغرب مع الأخذ بعين الاعتبار ان تلك النسبة في الغرب لم تشهد تلك التراجع الحاد والمخيف لدى قراء الصحيفة المكتوبة على الورق كما كانت تزمر لها بعض المحللين بتراجع الصحافة المكتوبة ولا تتعدى تراجع تلك الصحف بعدد اصابع اليد.

**الكلمات المفتاحية: الصحافة الالكترونية، ظهور، ازدهار.**

## Electronic journalism: its emergence and prosperity

**A.M. surood Wali Ismail**
**University of Baghdad\College of Education/ Ibn Rushd for Human Sciences**

**Abstract**

**According to our perspective and as a result of our reading of the impact of the emergence of electronic journalism and its impact on the future of journalism in general as a profession for**

**the journalist and its impact on people, and a comparison between the written press and the electronic press published on the Internet, which was called (electronic journalism, its emergence and prosperity) was a major reason for the decay and even the death of the written press on paper, although it was in the Middle East in general and in our region in particular, and according to the general cultural situation, people still want to read the written word in general.**

**On the other hand the subject of confusion between t**

**وزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆێ بەغدا**

**پ. ی سروود وەلی ئیسماعیل جاف**

**کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**بەشی زمانی کوردی**

**ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی – سەرهەڵدان وگەشەسەندنی**

**پوختە:**

بەدرێژایی زیاتر لە شەش سەدە، مرۆڤ بە خوێندنەوەی وشەی چاپکراو ڕاهاتبوو کە لە ڕێگەیەوە هەواڵ و زانیاری پێئەگەیشت بەهۆی ڕۆژنامەوە.

لەم ماوە دوور و درێژەدا، کە ڕۆژنامە تیایدا بووتە ئامرازی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری و هەتا زانستی و ڕۆژنامە تیایدا بوو بە دیاردەیەکی ڕۆژانە مەسەلەی دەست لێبەردانی لە کۆمەڵدا مەحاڵە، بۆیە ڕۆژنامەش بوو بە هێمایەکی سەربەستی و بەهای وڵاتان و ئەو دەستەڵاتانەی تیایدا قەڵەم ڕەون، لێرەوە ڕۆژنامە بوو بە ئامرازی ململانێی سیاسی و فیکری و شادەماری گرنگی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و زانستیی پەیوەسەت بە هوشیاری خەڵك.

سەرهەڵدانی کۆمپیوتەر وئەنتەرنێت، هانی دان بۆ بیرکردنەوە لە ڕووکردنە پەنابردن بۆ داهێنانێکی نوێی زانستی ببێتە ئامرازیکی گەیاندنی زانستی و زانیاری و هەواڵ و دەنگوباس بە خەڵکی بە وێنەی زیندووەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەك بە بەکارهێنانی کاغەز بکات و ئەمەش گەیشت بەو ئەنجامەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین ( ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ).

**وشە کلیلەکان: ڕۆژنامە، ئەلیکترۆن، سەرهەڵدان گەشەسەندن.**

یەکەم سەرهەڵدان:-

ڕووانینی جۆراوجۆر هەیە بەرانبەر دیاردەی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کاریگەری ئەم داهاتە بۆ سەر ڕۆژنامەی چاپکراو لەسەر کاغەز و هەندێك ئەم داهێنانە بە هەڕەشە بۆ سەر کۆنترین پیشە و ئامرازی ڕاگەیاندن و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەخەڵك دادەنێن کە ڕۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەزە و بە ئامرازیکی ئەزانن کە ئەرکی میژووی تەواو بوە و لایان وایە کە شەپۆلی بەگوڕی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کاریگەری خیرا و گەورەی کردۆتە سەر خەڵك ئەو وەسیلەی ڕاگەیاندنەی ڕۆژنامەی خستە خانەی ڕابوورد و لەوانەیە لەماوەی چەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا باوی نەمێنێ.

ڕۆژنامە بە گشتی دیاردەیەکی ژیارییە، هونەر و بیر و ئەدەب و بەخشندەیە، بەهای جوانکاری و چێژی ڕۆشنبیری دەبەخشێ بە خوێنەرانی. خۆشترین کاتیش مرۆڤی فێرخواز بەسەری دەبات ئەو کات و ساتانەیە کە بە خوێندنەوە بەسەری دەبات و شارەزایی پەیداکردن بە بەهاکانی ژیان و واتاکانی، بۆیە ڕۆژنامە بڕوای مرۆڤ بتەو دەکات بەخۆی و کەسایەتی و توانای بەهێزکردنی دەکاتەوە، جا ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەی نووسراوی سەر کاغەز بێت یان ڕۆژنامەی تازە پەیدا بوو کە ناو نراوە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، هەر لەم پیۆدانەگەوە دەچینە نێو باسەکەمانەوە کە بە ناونیشانی (ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی.. سەرهەڵدان و گەشەسەندنی.

دووەم: ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن :

داهێنانی ئەنتەرنێت، زەنگێکی بەدەنگی هوشارکردنەوەی هەموو کارگێرانی ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕۆژنامە بەتایبەتی بوو، کە هەستیان کرد ئەم داهێنانە لە پێشبڕکێی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ زۆرترین خەڵك و لە کورتترین وەختا و بڵاو بوونەوەی گرەو لەوان دەباتەوە، بۆیە زووربەیان کەوتنە بیرکردنەوە بۆ پەنابردنە بەر سوود وەرگرتن لەو داهاتە بۆ مانەوەی خۆیان وەك سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری، یەکەم دەزگای ڕۆژنامەنووسیی لە دنیادا پەنای بۆ سوود وەرگرتن لە ئەنتەرنێت برد بۆ برەودان بەناو ناوبانگی خۆی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمەریکی بوو لە ساڵی ١٩٩٤ دا، لەو ساڵەدا، بەرپرسانی ئەم ڕۆژنامە بەناوبانگە دەیان ملیون دۆلاریان تەرخانکرد بۆ ڕایکردنی پڕۆژەیەك کە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی هەندێ باس و بابەتی هەواڵ و زانیاری سەرنج ڕاکێش لە ڕێگەی توری ئەنتەرنێتەوە بەرانبەر وەرگرتنی تەنیا دە دۆلار لەوانەی سوود لەم پڕۆژەیە وەردەگرن و لە نێوان هەر باس و بابەتێکا کە لەلایەن ڕۆژنامەکەوە ئامادە دەکرا هەندێ پروپاگەندە بڵاو دەکرایەوە.

سەرهەڵدانی ئەم داهێنانە کارێکی ئاسایی گونجان بوو لەگەڵ داهێنانی ئەنتەرنێت کە بەیەکەوە گرێدانی تەکنیکی کۆمپیوتەر و تەکنیکی گەیاندنی زانیاری فەرزی کرد، سەرەتا ئەم بڵاو

بوونەوە و تەشەنەکردنە ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوای بە فراوانی گرتەوە، بەر لە تەشەنەکردنی ئەو لایەنانەی بایەخیان بە گەیاندنی زانیاریدا لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ڕوویان لە درووستکردنی شوێنی هەڵگرتنی زانیاری کرد، لەوانە هەڵگرتنی هەواڵ و زانیاری تایبەت وەك وەرزش و داهاتە زانستییەکان وهتد وەك بایەخدان بە وردی بەدواداچوونی گۆڕانکارییەکانی سەردەم، ئەوسا ڕوو لە داهێنانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کرا وەك هەنگاوی بەرەنگاربوونەوەی گەشەسەندنە تەکنیکیەکانی زانیاری و پەیوەندیی کردنی خێرایی بە گۆڕانکارییە بەپەلە هاتنە دەستەکانی دنیا و گەیشتنی ئەم بەپەلە بڵاوبوونەوە بە تەکنیکی کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەفزیۆن و داهاتنی تەلەفزیۆنی ژمارییی .

<u>شێوازەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی</u>

بۆ یەکەمجار لە مێژووی سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری و گەیاندنی بە خێرایی بە هەموو کەس، ئەمجۆرە ڕۆژنامەیە هەموو سنوورەکانی دنیای بەزاندووە، بەبێ خەرجی و پێویست بە چاوەڕوانی لە لایەنی وەختەوە ئەویش لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە و ئەم لایەنە ڕۆژنامە ئاساییە چاپکراوەکانیش سوودیان لێ وەرگرتووە لە ڕێگەی نوسخەی ئەلکترۆنیانەوە. ئەوەی لە داهێنان، یان سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیدا سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە، چونکە وەسیلەی بڵاوبوونەوەی لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوەیە، لە بڵاوبوونەوە و گەیاندنیدا، بە چاوپۆشین لە توانا و ناوەرۆکیا بەڵام بەهوی ئەنتەرنێتەوە شیوازی جیهانی لەگەڵ داهێنیا هێناوە، بۆیە ئیستا هەر ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی هەر وڵاتێ کە بە چاپی سەر کاغەز دەردەچێت و نوسخەی ئەلکترۆنیشی لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بڵاو دەکاتەوە، شایانی ئەوەیە پرسی ئەوە بکرێ ئایا ئەوە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆییە یان جیهانی ؟

بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، خەرجی دارایی زۆری ناوێت و زۆر کەمتر لە خەرجی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەر کاغەزی تێدەچێت کە بێجگە لە خەرجی بۆ ئەو کەرەستانە خەرجی بارەگا و چاپخانە و کاغەز و پێداویستەکانی چاپ و کارگێڕانی دەوێت، بەڵام ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەکرێ لە خانەی پرۆژە تاکە کەسییەکان دابنرێ ئەگەر ئیمکانیاتی تەکنیکی لەبەردەستا بێت بۆ بڵاوکردنەوەی لە ئەنتەرنێت دوای زامنی پێداویستەکانی پەیوەندییەکایی لە سەرچاوەی ئەو شوێنەی تیا ئامادەدەکرێ.

دیاردەیەکی زۆر نوێی هەیە داهێنانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لەگەڵ خۆی هێناویتی، ئەویش پێزانینی مەودای ڕەزامەندی خەڵکە لەوانەی ڕوو لە ئەنتەرنێت دەکەن و سەیری ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان دەکەن کە تۆماری یەکە یەکەی ئەو خوێنەرانە دەکات کە ڕوو لە مەوقیعی ڕۆژنامەکە دەکەن کە ئەوە دەلیلی بە ژمارە و بەر دەستە بۆ مەودای قبووڵی ڕۆژنامەکە لای خەڵك.

<u>تەشەنەکردنی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی :</u>

سەرەتا ئەوەی یاریدەی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و بڵاوبوونەوەی داوە، داهاتنی ئەنتەرنێتە، کە ئەم دیاردەیە گەیشتە زووربەی زۆری خەڵك و چەندان مەڵبەندی تایبەت بە گەیاندنی ئەنتەرنێت هاتنە مەیدان بە ئاسانی ( بێ ئەرکێکی گران و گرێدار ) خزمەتگوزارییەکەی گەیەنرایە زووربەی ماڵەکان و کومپانیا و دام و دەزگاکان، ئەمە یەکەم بانگدانی ڕووکردنە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بوو، ڕێگا کردنەوش بوو بۆ گەیاندنی ئەو ڕۆژنامەیە بە خەلك.

جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی :

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لەسەر شاشەی ئەنترنێت بە دووجۆر دابەشکراوە :

١. ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی تەواو ( on– line newspaper–) ڕۆژنامەیەکی تەواو ڕۆژنامەیە ئەگەرچی هەمان ناوی ڕۆژنامە چاپکراوەکەی سەر کاغەزی پێوەیە.

٢. نوسخەی ئەلکترۆنی ڕۆژنامەی چاپکراو لەسەر کاغەز : بریتییە لە دەقی ڕۆژنامەی سەر کاغەز لەسەر شاشەی ئەنتەرنێت کە مەوقیعی بۆخۆی کردۆتەوە، بەڵام هەڵبژاردەی ئەو ڕۆژنامەیە بڵاودەکاتەوە لەگەڵ خزمەتگوزاری یرۆپاگەندە.

ئەنجام

کاریگەری ڕۆژنامە لەسەر خەڵك و بەراوردی نێوان ڕۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەز و ڕۆژنامەی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە ناوی (ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی) لێنراوە، لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین کە سەرهەڵدانی نوسخەی (ئەلکترۆنی) ڕۆژنامە، بانگدانی مەرگی نوسخەی (چاپکراوی سەرکاغەز)ی ڕۆژنامەیە، هەر هیچ نەبێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵات بەگشتی و لە وڵاتی ئێمە بەتایبەتی، هەر هیچ نەبێ بەهۆی باری ڕۆشنبیریی گشتی و هێشتا زیندوویی حەزی خەڵك لە خوێندنەوەی وشەی نووسراو بەگشتی.

لەلایەکی دییەوە مەسەلەی تێکەڵبوونی ڕوانینە قازانجی بازرگانی لە هەردوو جۆرەکەی ڕۆژنامەدا، تینی پێشبڕکێی قازانجی ماددی (دیسان بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵات) زیاتر، کە دیاردەکە لە هەڵپەی زۆرترین داهێنانی شێوازی (پروپاگەند)ە لە ڕۆژنامەدا، هێشتا مەودای تینی مانەوەی زیاتری بۆ ڕۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەز هێشتۆتەوە و لەلایەکی دییەوە خوێندنەوەی وردی حەزی خوێنەر لای ئێمە تا ئیستا ڕوودانی پاشەکشێی ڕۆژنامەی کاغەزی لەبەردەم ئەلکترۆنیدا بەخۆیەوە نەدیووە وەك لە ڕۆژئاوا ڕوویداوە.

سەرچاوەکان : گۆڤار و ڕۆژنامە :

بە کوردی

١.پێشهات، گۆڤار، ژ ١٣، ٢٠٠٦، ئەڵمانیا.

٢.ڕۆژنامەنووس، سەندیکای ڕۆژنامەنووسیی کوردستان، ژ ١٩، ٢٠١٠.

٣.ڕۆژنامەنووس، سەندیکای ڕۆژنامەنووسیی کوردستان، ژ ٢٠١٩، ٢٠١٠.

به عەرەبی

٤. ابو السبع، صالح خليل، الاتصالات والاعلام في المجتمع المعاصر، مؤسسة ارم للطباعة والنشر.

٥. الانترنيت قلبت عالم الصحافة، الموقع الالكتروني لصحيفة البيان، 23 تشرين 1، 1999.

٦. البير، بير، الصحافة ووظائفها، ت : فاطمة عبدالله محمود، طبع المؤسسة المصرية العامة للكتاب.

٧. ثاتروس، انتون، (٢٠٠٠) الانترنيت شبكة جمعت كل العالم حولها، الكتاب العربي، العدد 40، نيسان.

٨. خزعل، عبدالنبي، (٢٠٠٣) فن تحرير الاخبار في الاذاعات الدولية بين التوظيف والموضوعية، الدار العلمية الدولية للنشر والتوزيع ودار الثقافة والنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

٩. خضر، سعد الدين (١٩٨٦)، الصحافة والعصر، الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد.

١٠. سنو، مي العبدالله، (١٩٩٩) الاتصالات في عصر المعلومات : التأثير والمواجهة، مؤسسة الجامعة للطباعة والنشر، بيروت لبنان.

١١. صابا، خليل، (١٩٨٥) ادوات الاتصال : ظهور وتطور، طبع مكتبة انطلو المصرية، القاهرة.

١٢. عارف، محمد، (١٩٩٩) تاثير تكنلوجيا الفضائية والكومبيوتر على المؤسسات الاعلامية، مركز الامارات للتحليلات الاستراتيجية.